
# کۆچی پێچەوانەوانەی گوندنشینەکان
# کیشەو گرفتی شارەکانی زیاد کردوە

هاولاتیەك :ئەگەر گوندنشینەکان بێنە شارو ئەو رێگەیەیان هەبێت ئێمە ڕوو لەکوێ بکەین،

**گوند نشینێك : حکومەتی هەرێم هیچ بایەخ بە گوندەکان نادات رۆژێك بوو گوندنشینەکان پشت و پەنای کاربەدەستانی ئەمرۆ بوون**

**ئا : ئاسۆ**
Asoahmad2004@yahoo.com



لەسالی 1981 کاتێك پروسەی بەدناوی ئەنفال کۆتایی پێهات تەواوی گوندەکانی کوردستان خاپوورکران و زۆربەی دانیشتوانیش یان ئەنفال کران یان ڕاگوێزرانە ئۆردوگا زۆرە ملییەکان، دوای ڕاپەرین لە بەهاری 1991 و ڕامالینی دەسەلاتی دڕندەی بەعس گوندەکان پەیتا پەیتا ئاوەدان کرانەوە خەلکی ئەو ئۆردوگا زۆرە ملیێانە گڕانەوە بۆ زێدی خۆیان، ئەتوانین بلێین سالی 1991 هەتا سالی 2000 تەواوی گوندەکان ئاوەدان کرانەوە و خەلکەکەی کەوتنە کاری کشتوکالْ و ئاژەلداری ئەمەش سودێکی زۆری بەئابووری کوردستان گەیاند، ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان بووە جێگای ئومێدێك بۆ خەلك و هیوای ئەوە هەبوو کە لەداهاتوودا کوردستان پێویستی



بەهاوردەی سەوزەو میوە و گەنم و گۆشت و شیرەمەنی نەبێت بە پێچەوانەوە لە کوردستانەوە بەرهەمانە ڕەوانەی وولاتانی تر بکرێت.

لەسالی 2003 بەدوواوە خەلکی گوندنشینەکان کوچێکی پێچەوانەوایان دەست پێکرد و روویان لەشارە گەورەکان کردەوەو کار گەیشت بەوەی زۆربەی گوندەکان چۆل کران خەلکی ئەو گوندانەش ئێستا زۆربەیان بونەتە موچەخۆری حکومەت بەشێکی زۆریان لەهێزی پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆ کاردەکەن ئێستا شارەکانی کوردستان بەشێوەیەك دانیشتوانەکەی زیادی کردووە کە بۆتە جێگەی نیگەرانی و قەرەبالغ بوون و گەشەکردنی ناسروشتی شارەکانی کوردستان چەندین گرفت و کێشەی بۆ دانیشتوانەکانی دروست کردووە، کێشەی کارەبا، ئاو، قەرەبالغی جادەکان کێشەی سەکەن و بێکاری زۆر کێشەی دیکەش کە رۆژانە بۆتە مایەی بێزاری و نیگەرانی.

ئێستا کار گەیشتووە بەوەی ژیان لەنێو ئەم شارەانەدا زۆر ئەستەمە شەری نێوان پێکهاتەکانی عێراق بەتایبەتی شیعەو سوننەش خەلکانێکی زۆری ئەو ناوچانەی ئاوارەی کوردستان کردووە و ئەمەش ئەوەندەی تر کێشەکانی قولتر کردۆتەوە.

خەڵکی شارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك یان وایە کاربەدەستانی حکومەت بەرپرسن لەو کێشانە، دەڵێن حکومەت ڕێگەو کاری ئاسانی کردووە بۆئەوەی گوندەکان چۆڵ بکرێن، هەرچی خەڵکی گوندەکانیشە دەڵێن حکومەتی هەرێم هیچ کاتێك ئاوڕی لە گوندەکان نەداوەتەوە و تەنها خزمەتی شارە گەورەکانی کردووە و ژیان لەنێو گوندەکاندا سەخت بووە بۆیە گوندەکانیان جێ دەهێڵن.

لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت لەهەردوو لایەنەکەوە حکومەت بەرپرسیار دەکرێت زۆر لام مەبەست بوو لەم ڕاپۆرتەدا بەشێکی زۆری کێشەی گوندنشینەکان و ئەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی چۆڵکردنی گوندەکانیان بخەمەڕوو هاوکاتیش ڕاوبۆچوونی خەڵکی شار وەربگرم قسەیەکیش لەسەر چۆنێتی چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە لەلایەن هاولاٌتیانەوە بخەمەڕوو.

## "بۆچی گوندەکان چۆڵکران"

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە ڕەنگە زۆر قسە و بۆچوون هەڵبگرێت ئایا نەبوونی پرۆژەی خزمەتگوزاری وەك نەخۆشخانەو خوێندنگاو ڕێگاوبان بووە کە لەلایەن حکومەتەوە دابین نەکراوە ئایا سەرف نەبوونی بەرهەمەکانی گوندنشینەکان بۆتە هۆکارێك یان ئەو هۆکارەیە کە لەدووای پرۆسەی ئازادی حکومەت بەشێکی زۆری پیاوانی گوندنشینی کردۆتە فەرمانبەری خۆی لەریزەکانی پۆلیس و هێزی پێشمەرگە و وەڵامی ئەم پرسیارانە لای گوندنشینەکانە بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانەی چەند گوندنشینێکم وەرگرت.

سەرەتا (مام رەسول) خەڵکی ناوچەی قەرەداغە وتی تا ڕادەیەك حکومەت بۆ هەموو گوندەکان کارەبا و نەخۆشخانەو خوێندنگەشی دابین کردووە هۆکارەکان زۆرن لەوانە دووای ڕووخاندنی صدام مووچە زیادی کرد زۆربەی پیاوان و لاوانی گوندەکان بوونە پێشمەرگەو موچەیەکی زۆر وەردەگرن ئەم داهاتەش زۆر لەوە زیاترە کە لەگوندەکان بەکاری ئاژەڵداریی و کشتوکاڵەوە دەستیان دەکەوێت خۆشتان ئەزانن ژیانی لادێ سەختەو ئەرکی زۆری دەوێت لای من ئەمە هۆکاری سەرەکییە ئەمە جگە لەوەی ئێستا لەووڵاتانی چواردەور و میوە و سەوزە دێت هی ئەوانیش زۆر هەرزان تر ئەکەوێت کاکە گیان فەردەیەك ئارد نزیکەی (20) هەزاری پارەی چاپی نوێیە، کیلۆیەك گەنم (2) دینارە تۆ ئەگەر گەنم بچێنیت زەرەر دەکەیت حکومەتیش لێت ناکڕێتەوە ئەم دوو خاڵە زۆر سەرەکین بۆ کۆچی گوندنشینەکان بۆ شار.

حاجی محمد شارباژێری: ڕاستییەکەی هەژاری گوندنشینەکانە ئێستا لەلادێکاندا ژیان زۆر قورسە ئەو بەروبووم و داهاتە هیچ پارە ناکات ئێستا زستانە هەموو جۆرە میوەیەك هەیە میوەی دەرەوەش زۆر هەرزانە و خەڵکی شارەکانیش ئەم میوانە دەکڕن، ئێستا گەنم پارە ناکات ئاژەڵداریش زۆر لاوازە خۆشتان ئەزانن ئێستا سنوورەکان کراونەتەوە تۆ یەك ساڵ لە گوندەکەتا ڕەنج ئەدەیت کەدێیتەوە بەرهەمەکەت پارە ناکات بەلاٌم پۆلیسێك پارەیەکی باش وەردەگرێت پێشمەرگەیەك پارەیەکی باش وەردەگرێت ئەوە زۆر باشترە مووچەخۆریشمان هەیە 4 کەسیان پێشمەرگەیە یان فەرمانبەر نزیك بە (20) وەرەقە وەردەگرن یەك ساڵ لە گوندەکەتا ڕەنج بدەی ئەوپەری (20) وەرەقەت دەست ناکەوێت.

ساڵح رەشید: ناوچەی سورداش: حکومەتی هەرێم هیچ بایەخ بە گوندەکان نادات رۆژێك بوو گوندنشینەکان پشت و پەنای کاربەدەستانی ئەمرۆ بوون ،ئێمە لەسەر ئەوان ماڵو حاڵمان وێران کرا بەلاٌم ئێستاکە لە دەسەلاٌتدان قەت

ئێمەیان بیرناکەوێتەوە سەدان جار نانم بەپێشمەرگە داوە ژیانی خۆم و ماڵو منداڵم لەخەتەردا بووە لەسەر ئەوان ئێستا حکومەت بایەخ بەس بەشارەکان ئەدات، کاکە ژیان لە گوندەکان زۆر ناخۆشە بەروبوومەکەت پارە ناکات حکومەت لێت ناکڕێتەوە، ئێستا زۆربەی دێهات نشینەکان ئەبنە پێشمەرگە یان پۆلیس یان دەبنە مووچەخۆرو دێتە شارەکان دائەنیشن ئەمەش جارێکی تر دێهاتەکانی چۆڵ کردووە.

## چۆڵکردنی گوندەکان و کۆچی پێچەوانەوە

## چ کێشەیەکی بۆ شارەکان دروست کردووە؟!

خالد ئەحمەد: کێشەی هەرە گەورە کێشەی سەکەنە ئەو کێشەیەش تەنها گوندنشینەکانیش دروستی نەکردووە بەڵکو هاتنی ئەو ژمارە زۆرە لەعەرەبەکانیش کە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە روو لە کوردستان دەکەن هۆکارێکە جگە لەوەش کارەبا بەش ناکات، ئاو کەمە تەنانەت نە نەخۆشخانە نە بازار نە خوێندنگە نە هیچ شوێنێك جێگە نەماوە پێویستە حکومەت پلانی هەبێت بۆئەوەی ئەم کێشانە چارەسەر بکات.

هاونیاز سالار: ئەگەر گوندنشینەکان بێنە شارو ئەو رێگەیەیان هەبێت ئێمە ڕوو لەکوێ بکەین، بەراستی ژیان لەشارەکان سەختە تۆ سەیری شەقامەکان بکە لەیەك شەقام ئەگەر بتەوێت رەت بیت سەعاتێکت پێدەچێت ئەمە سەرەڕای ئەوەی خانوویەك بە (6-7) وەرەقەیە خواردن گرانە ئەبێت لەنانەوخانەیەکدا سەعاتێك بوەستیت عیادە رۆژێکی ئەوێت ژیان ئەوەندە ئالۆزو قورسە لەشاردا کە ژیان ئەستەمە بۆیە دەبێت حکومەتی هەرێم بیرێك لەچارەسەری کێشەکان بکاتەوە لەبەرئەوەی لەداهاتوودا کێشەکان زیاتر قورستر ئەبن ئەوکاتەش چارەسەرەکان ئەستەم تر ئەبن.

# چارەسەر چییە؟

دووای وەرگرتنی ڕاووبۆچوونی ئەو هاوڵاتیانە ئەوەی کە دەردەکەوێت چۆڵکردنی گوندەکان بۆتە کێشەیەك بۆ ئابووری کوردستان و لەهەمان کاتیشدا بۆتە گرفتێکی گەورە بۆ شارەکان وەك هاوڵاتیانیش وتیان ئەم کێشەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لێی بەرپرسە و دەبێت رێگەچارەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە لەم بارودۆخە دا چەند رێگەچارەیەك گونجاو عەملییە چ رێگەچارەیەك چ پلانێك ئەتوانین بەشێوەیەکی سەرکەوتوو ئەم گرفتە چارەسەر بکات.

شیروان کریم: ئەندازیاری کشتوکاڵی: لەراستیدا باروودۆخی تازەی جیهان و کوردستان زەمینەیەکی نوێی بەرهەم هێناوە کە خەریکە کۆتایی دەهێنێ بەژیانی گوندنشینی، ئەوەش وەك ئاماژەم بۆکرد دەگەرێتەوە بۆ شەپۆلێکی تری تەکنەلۆژیا کە هەموو سنوورەکانی بەزاندووە، دنیای بەتەواوەتی لەیەکتر نزیك کردۆتەوە، دیارە تەکنەلۆژیاو، بەرهەمە هاوچەرخەکانی زادەی ژیانی شارستانیو شارەکانن، بۆیە بەدوای خۆیدا خەڵکی گوندەکان ڕادەکێشێتە شارە قەرەباڵغ و جەنجاڵەکانەوە. ئێستا لەدونیا دا ژیانی گوندنشینی بەرەو کۆتایی هاتن دەڕوات، بەڵکو ژیانی نێو لادێ بۆتە دیاردەیەك و خوویەکی ئەرستۆکراتی کە خانەدانەکان لەچاوی خەڵکی گشتی بەدووربن. لەکوردستانی

**گوندەکان بەرەوچۆڵ بوو دەرۆن لەراستیدا هۆکارەکانی زۆرتر بۆ ئەو حاڵەتە جیهانییە دەگەرێتەوە لەگەڵ چەند هۆکارێکی ناوەکی و لوکاڵی.**

**تۆ ناتوانی بەزۆر گوندییەکان بۆ جێگاکانیان بگەرێنیتەوە بەتایبەتی بەشی هەرە زۆریان لەگەڵ ژیانی شارستانیدا تەکەیفیان کردووە و لەگەڵی سازاون بەڵکو لەشارەکاندا بوونەتە خاوەنی بەرژەوەندیی و کارو کاسپی.**

**چارەسەری ئەم کێشەیە بەوە ناکرێت تۆ بەزۆر خەڵك بنێریتەوە لادێکان بەڵکو دەبێ حکومەت و وەزارەتی کشتوکاڵ بیر لەرێگە چارەی تر بکاتەوە، یەکێك لەو رێگەچارانەی کە بەتێگەیشتنی من زۆر کاراو گونجاوە دەستپێکردنی پرۆسەیەکە بەناوی پرۆسەی بەپیشەسازی کردنی کشتوکاڵ کە ئەمە لەژێر چاودێریی راستەوخۆی حکومەتدا دەبێت، ئەوەی گرنگە لادێکان نییە بەڵکو بەپلەی یەکەم بەروبوومە کشتوکاڵی وئاژەڵییەکان گرنگن کە حکومەت دەتوانێ لەمیانەی ئەو پرۆسەوە بەگونجاوی بیهێڵێتەوە، هەرخۆش دەتوانێ بازاری بۆ پەیدابکات ئەگەر حکومەت بتوانێ پرۆسەی بەپیشەسازی کردنی کشتوکاڵ دەست پێ بکات لەگەڵیدا کێشەی سەکەن لەشارەکاندا نەهێڵی کە بەهۆی کۆچی پێچەوانەی گوندی بۆ شار قورستر بووە ئەوا پلانەکە سەرکەوتوو دەبێ و لەئایندەدا لەگەڵ هیچ مەترسییەك ڕووبەڕوو نابێتەوە.**

**لێرەو لەم مینبەرەوە داوا لەوەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریی دەکەم بەپەلەو بەزوترین کات کۆنفراسێکی زانستی ساز بکات بۆ لێکۆڵینەوە لەم کێشەیە، هەڵبەتە ئەم کۆنفراسە بەبەشداریی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و خەڵکی ئەکادیمی و پسپۆر لەبواری کشتوکاڵ و جوگرافیاو ئەندازیاریی و بوارەکانی تر.، ئەگەر ئەم پرۆسەیە ئەنجام نەدرێت ئەوانەشی لە گوندەکان ماوون لەیەك دوو ساڵی داهاتوودا دێنە شارەکان و دۆخەکە بەتەواوی ئالۆز دەبێ.**

**رۆشنا عەلی: فەرمانبەر: بەبۆچوونی من ئەبێت حکومەت رێگە لەهاوردەی میوەو سەوزە بگرێت کە لە دەرەوەی کوردستانەوە دێت بۆئەوەی خەڵکی خۆمان میوە و سەوزەی خۆمان بکڕن ئەمە جگە لەوەی دەبێت حکومەت ئەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەر کەم بکاتەوە بەتایبەتی گوندنشینەکان، هاوکاتیش دەبێت حکومەت خۆی بەروبوومی گوندنشینەکان بکرێتەوە بەتایبەتی دانەوێڵە.**

**کەیوان صابر: مامۆستا: یەکەم هەنگاو کە حکومەت دەبێت بیکات کڕینەوەی دانەوێڵەی جوتیارانە و رێ گرتنە لە هاوردەی ئێران و تورکیا بەتایبەتی سەوزەو میوە ئەگەر حکومەت ئەم هەنگاوە بنێت، تاڕادەیەك گوندنشینەکان ژیانیان ئەبوژێتەوە و لانی کەم ئەو کۆچە پێچەوانەیە ڕادەوەستێ.**

**سیامەند محمد: کاسب: دەبێت حکومەت لەسەر ئاستی شەهادە پۆلیس دابمەزرێنێ جگە لەوەش وەرگرتنی پێشمەرگە و پۆلیس رەچاوی گوند شارە بکرێت بۆ نمونە ئەگەر حکومەت پێویستی بە (20) هەزار کەس هەبوو بۆ سوپا هەمووی گوندنشینەکان نەبێت.**

**با (10) هەزاری گوندنیشن بێت. کڕینەوەی دانەوێڵەی جوتیارانی و رێگرتن لەهاوردەی میوە و سەوزەی تورکی و ئێرانی بۆئەوەی جوتیارانی خۆمان بەرهەمەکانیان سەرف بێت جگە لەمانەش دەبێت حکومەتی هەرێم بیر لەوەبکاتەوە کارگەی بەرهەمهێنانی دۆشاوو پەنیرو زۆر کارگەی تر لەناوچەکانی قەراغ و شارەزوور و هەموو دەڤەرەکانی تر دروست بکات و پێویستە پرۆژەی خزمەتگوزاریی لەو ناوژانە بەشێوەیەکی چڕوپڕ دەست پێبکات. لەگەڵ ئەوەی زۆر ناوچەی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ کەرتی گەشتوگوزار دەکرێت حکومەت لەم ڕەوشەوە هەنگاو بنێت.**